www.kurdistannet.org
25-9-2006 8:49:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆچی کاندیدە کوردەکان لە سوێد شکستیان خوارد؟

ئاسۆ بیارەیی- 22-9-2006 سوێد

شکستخواردنی کاندیدەکانی کورد لە وڵاتی سوێد، بۆ گەیشتن بە پلەی بوون بە ئەندام لە پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەر، لەوانە:

- لاوازی زانیاری لە سەر ئەو کاندیدانە لە سەر ئاستی سوێد بە گشتی و لە ناو پەنابەراندا بە تایبەتی لە نێو ڕەوندی کوردا.
- ململانێی دژ بەیەکی نێوان کاندیدی ڕەوندی هەردوو پارتیەکەی باشووری کوردستان(ینک و پدک) بۆ گەیشتن بە ئەندامیەتی پەرلەمان، کە دەکرا لە جیاتی 40 کاندیدی کورد تەنها ژمارەیەکی کەم خۆی هەڵبژاردایە و شانسی دەنگهێنان پتر دەبوو.
- نەبوونی نەخشەیەکی نەتەوایەتی کوردی، لایەنێکی تری هۆی شکستی کوردەکان بوو، کە دەبوو باشتر خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە بکردایە و گرنگیان پێ پدایە.
- نزمی پلەی ئاستی خوێندنی زۆربەی ئەو کاندیدانە، بە تایبەتی زمانی سویدی.
- بوون بە ئەندام لە و پارتیە سوێدیانە بە بێ بوونی بڕوا و تێگەیشتن لە پرۆسەی سیاسی ئەو ولاتە.
- قەیرانی ناوخۆیی و لاوازی بەرەی چەپکان و گەندەڵی ئەدمینستراشونیان(ئیداری) لە ماوەی 12 ساڵ دەسەڵاتیان، کە ئەنجامێکی نەگەتیڤی هەبوو لە سەر بۆچونی دەنگدەران کە دەنگی خۆیان بدەن بە بەرەی ڕاستڕەوەکان.
- نەبوونی هاوکاری و گیانی تێگەیشتن لە نێو هەندێ کاندیدی کوردەکاندا، کە هەریەکەیان پێش سوودی نەتەوایەتی، ناوبانگی کەسایە و پارتایەتی خۆی لامەبەست بوو.
- ململانێی ڕەوەندی شۆڤێنستی تورک، عەرەب و فارس بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە بەردەم کوردەکاندا بۆ کەمکردنەوەی دەنگی کورد لە ئەورپا.

ئەمانە و کۆمەڵێک فاکتەری دی کە دەبوو کاندیدە کوردەکان پێشبینیان بکرادیە پێش ئەوەی خۆیان هەڵبژاردایە.